وەزارەتی ناوخۆ
ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان

# دەرەنجامەکانی بومەلەرزەکەی هەرێمی کوردستان-عێراق لە ڕێکەوتی ١٢ تشرینی دووەمی ٢٠١٧ وەڵامدانەوەی خێرا و هەماهەنگی مرۆیی و هەڵسەنگاندنی زیانەکان

ڕاپۆرتی ژمارە (١٣) کانونی یەکەم ٢٠١٧

## ناوەڕۆک


| | بابەت | | لاپەڕە |
|---|---|---|---|
| .١ | پێشەکی:........................................ | | ٣ |
| .٢ | وڵامدانەوەی خێرا و هەماهەنگی مرۆیی:........................................ | | ٤ |
| | ٢,١ | خۆراک:........................................ | ٤ |
| | ٢,٢ | پەناگە:........................................ | ٤ |
| | ٢,٣ | کەرتی تەندروستی:........................................ | ٥ |
| | ٢,٤ | کەرتی پەروەردە:........................................ | ٦ |
| | ٢,٥ | کەرتی گشتی:........................................ | ٦ |
| | ٢,٦ | هاوکاریی تر:........................................ | ٧ |
| .٣ | هەڵسەنگاندنی زیانەکانی بومەلەرزەکە:........................................ | | ٨ |
| | ٣,١ | زیانی گیانی:........................................ | ٨ |
| | ٣,٢ | خانو و مەڕوماڵات:........................................ | ٨ |
| | ٣,٣ | کەرتی تەندروستی:........................................ | ٩ |
| | ٣,٤ | کەرتی پەروەردە:........................................ | ١٠ |
| | ٣,٥ | ئاو:........................................ | ١٠ |
| | ٣,٦ | تۆڕی کارەبا:........................................ | ١١ |
| | ٣,٧ | کەرتی گشتی:........................................ | ١٢ |
| .٤ | بەنداوی دەربەندیخان:........................................ | | ١٣ |

## 1. پێشەکی:

لە ١٢ی نۆڤەمبەری ٢٠١٧ هەرێمی کوردستانی عێراق دووچاری سێ زەمین لەرزەی یەک لە دوای یەک بوویەوە لە کاتژمێر ٨:٣٠ بۆ ٩:٣٠ شەو، بە گوێرەی ئامارەکانی بەڕێوبەرایەتی گشتی کەشناسی و بوومەلەرزەی هەرێمی کوردستان، یەکەمیان لە کاتژمێر ٠٨:١٨ بە پلەی ٤,٥ رێختەر روویدا، دووەمیان بە هێزێکی زیاتر کە ٧,٢ رێختەر بوو لە کاتژمێر ٠٩ : ١٨ ڕوویدا، وە هەروەها ئەوەی سێیەمیان لە کاتژمێر ٠٩:٢٨ بە پلەی ٤,٦ رێختەر ڕوویدا.

چەقی بوومەلەرزەکە لە ئێرانەوە بوو بە دووری نزیکەی ٣٥ کم لە پارێزگای هەڵەبجە لە هەرێمی کوردستان- عێراق. زۆرترین بەرکەوتن لە باکوور ڕۆژهەڵاتی شاری سلێمانی و پارێزگای هەڵەبجە بوو، لە پارێزگای هەولێر، دهۆک، موسڵ و سەڵاحەددینیش بە پلەی کەمتر هەستی پێکرا. دەربەندیخان، هەڵەبجە و قەزای گەرمیان زۆرترین زیانی بەرکەوت وەک لێکەوتەی ئەم بوومەلەرزەیە.کاریگەی جیاوازی هەبوو لەسەر ڕێژەی جیاواز لە دانیشتوان کە بەرکەوت و کاریگەری زۆری کردە سەر نزیکەی (٦٤٠،٠٠٠) هەزار کەس، کە لە پارێزگای هەڵەبجە (١٤٠،٠٠٠) کەس، لە دەربەندیخان (٥٠،٠٠٠) کەس وە هەروەها لە گەرمیان (٤٥٠،٠٠٠) کەس بووە.

لێکەوتەکانی زەمین لەرزەکە بریتی بوون لە زیانی گیانی و زیانی ماددی زۆر لە شوێنی گشتی و تایبەتی و خانوو و ئاژەڵیماڵی و ژێرخانە بنەڕەتییەکانی وەک تۆڕی ئاو و کارەبا و خزمەتگوزاری تەندروستی و قوتابخانە و ڕێگا و بان و بەنداوی دەربەندیخان. زۆرترین زیانیش لە قەزای دەربەندیخان تۆمار کراوە. **چارەسەرکردن و نۆژەنکردنەوەی کاریگەرییەکانی بومەلەرزەکە بڕی (٣٧٠) ملیۆن دۆلاری پێویستە کە دەکاتە نزیکەی (٣١٢) ملیار دیناری عێراقی. حکومەتی هەرێمی کوردستان (٢,٤٦) ملیار دیناری عێراقی تەرخانکردووە بە مەبەستی چاککردنەوە و بونیادنانەوەی خزمەتگوزاریەکانی وەک ئاو و کارەبا و نەخۆشخانە و قوتابخانە و بەنداوەکە.**

هەروەها حکومەتی عێراق رایگەیاند کە بڕی (3) ملیار دیناری عێراقی تەرخان کردووە بۆ چاککردنەوەی بەنداوی دەربەندیخان و قەرەبوو کردنەوەی زیانلێکەوتوان و بۆ ئەو مەبەستە تیمێکی ئەنجومەنی وەزیران و وەزارتەکان سەردانی مەیدانییان ئەنجامدا بۆ دەربەندیخان و ناوچەکانی تر، بەڵام تاکو ئامادەکردنی ئەم راپۆرتە هیچ بڕە پارەیەك خەرج نەکراوە.

داتا و زانیارییەکانی ئەم ڕاپۆرتە ڕاستەوخۆ لە لایەن ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان – نوسینگەی سلێمانی و بەڕێوبەرایەتی یە ناوخۆیی یەکان لە ناوچە بەرکەوتووەکان کۆکراوەتەوە و ڕێکخراوە. ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان دووبارە پێداچوونەوە و بژاردەکردنی بۆ داتاکان کردووە بۆ دڵنیابوونەوە لە دروستی و پەیوەندداری زانیارییەکان.

## 2. وڵامدانەوەی خێرا و هەماهەنگی مرۆیی:

ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان و نووسینگەی وەڵامدانەوەی قەیرانەکان لە سلێمانیی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی هەماهەنگی و وڵامدانەوەیان کرد بۆهاوکاری کردنی پارێزگا، شارەوانییەکان، بەرگری شارستانی و پۆلیس و ئاسایش بۆ رزگارکردن و پاراستنی گیانی ئەو هاوڵاتیانەی بەر بومەلەرزەکە کەوتبوون.

ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان بەردەوامە لە هەماهەنگی و ئاسانکاری لە وەڵامدانەوە و کارئاسانی و بەخشینی باج بۆ ئەو هاوکاریانەی لە لایەن هاوبەشەکانەوە دەنێردرێن، هەروەها لە کۆکردنەوەی سەرچاوە بەردەستەکان بۆ پشتگیریکردنی دامودەزگا ناوخۆیەکان لە ناوچە بەرکەوتووەکان. ئۆفیسی سلێمانیی وڵامدانەوەی قەیرانەکان، وەکو لایەنی سەرەکی، لە نزیکەوە لەگەڵ دامودەزگا ناوخۆیی و هاوبەشەکان کاردەکات بۆ دابینکردنی هاوکاری پێویست وەکو ناردنی ستافی پزیشکی و دەرمان و ماددەی خۆراکی و ناخۆراکی و خێمە بۆ بەرکەوتوانی بومەلەرزەکە. وڵامدانەوە و هاوکاری کردن تاکو ئامادەکردنی ڕەشنووسی ئەم ڕاپۆرتە ئەمانەی خوارەوەی لەخۆگرتبوو:

### 2.1 خۆراک:

- نووسینگەی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان لە سلێمانی هاوکاری خێزانە بەرکەوتووەکانی کرد بە دابینکردنی خواردن و شوێنی حەوانەوە و پێداویستی پزیشکی سەرەتایی.
- نووسینگەی ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ لە سلێمانی لە نزیکەوە لە هاوبەشیدایە لەگەڵ نووسینگەی ناوەندی هاوبەشی هەماهەنگی قەیرانەکان بۆ دابەشکردنی ماددەی خۆراکی و ناخۆراکی لە ناوچە بەرکەوتووەکان.
- مانگی سووری تورکی ماددەی خۆراکی و ناخۆراکی بۆ خێزانە زیاندمەند بووەکانی دەربەندیخان و هەندێک گوندی بەرکەوتوو دابین کرد.
- هاوبەشەکانی نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA)، خواردنیان بەسەر (١٩٦) خێزاندا دابەش کرد لە بەمۆ.
- ژەمی گەرم بەسەر نەخۆشخانە و بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان لە هەڵەبجە دا دابەش دەکرێت.
- مانگی سووری عێراق بەهاوبەشی لەگەڵ مانگی سووری کوێت (٥٠٠) سەلەی خۆراکیان دابین کرد.

### 2.2 پەناگە:

- بە گشتی (٢٢١٨) خێمە لە سەرجەم ناوچە بەرکەوتووەکان دا دابەش کران؛ ( ٢٨٢ لە دەربەندیخان، ٣٠٣ لە بەمۆ، ٦٨٤ لە گەرمیان، ٤٠٠ لە سیروان و ٢٨٣ لە هەڵەبجە).
- مانگی سووری تورکی دوای ڕوودانی بومەلەرزەکە تیمێکی خێرای لە هەولێر نارد بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی زیانەکان و دابینکردنی هاوکاری وەکو ( ١٠ بارهەڵگری وەڵامدانەوەی کارەسات، ٩٨ کارمەند، ٣٠٠٠ خێمە، ٣٠٠٠ گەرمگەرەوە، ١٠,٠٠٠ بەتانی، ١٠,٠٠٠جێگای خەوتن و ١ جێشتخانەی گەڕۆک).

- کونسوڵگەری ئیتاڵی لە هەولێر، سێ فڕۆکەی هاوکاری مرۆیی نارد؛ هاوکارییەکان بریتی بوون لە 4500 بەتانی و 135 پاکی خاوێنی و 74 خێمە و 1400 جەلی کان بەتانی و 180 دەستشۆر و 126 سێتی چێشتخانە و سێتی فریاکەوتنی پزیشکی.
- ڕێکخراوی Islamic Relief هەڵسا بە ناردنی ١٥٠ خێمە و لە ڕێگەی بازگەی ئیبراهیم خەلیل و لە لایەن ناوەندی هاوبەشی قەیرانەکان داگیرا و ڕاستەوخۆ نێردرا بۆ پارێزگای سلێمانی.
- (٥٠٣) خێمە لە گوندەکانی سەر بە مەیدان دابەش کران و (٤٠٠) خێمەی تریان بەدەست گەیشت.
- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق (٢٠٠) خێمەی لە دەربەندیخان و (١٠٠)ی لە گوندەکانی قوڕەتو دابەش کرد.
- فەرمانگەی بەڕێوەبردنی کارەسات و حاڵەتە لەناکاوەکانی تورکیا (ئافاد) هەڵسا بە دابینکردنی (٦٠) خێمە لە دەربەندیخان.

## 2.3 کەرتی تەندروستی:

- فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی دەست بەجێ ئەمبوڵانس و تیمەکانی نارد بۆ گواستنەوەی بریندارەکان و چارەسەرکردنیان لە نەخۆشخانەی فریاکەوتن.
- ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی هەڵسا بە ناردنی دوو ئەمبوڵانس و گروپێکی وەڵامدانەوەی خێرا و پێداویستی پزیشکی نەشتەرگەری و دەروونی بۆ پشتگیری کردنی نەخۆشخانەی سلێمانی.
- کۆمپانیای پزیشکی ئەسپین و ڕێکخراوی نێودەوڵەتی (IMC) بەهەمان شێوە تیمی پزیشکیان نارد بۆ سلێمانی بە مەبەستی پشتگیری کردن.
- فەرمانگەی بەڕێوەبردنی کارەسات و حاڵەتە لەناکاوەکانی تورکیا (ئافاد) ڕاستەوخۆهەڵسا بە خستنەکاری تیمێکی پزیشکی بە مەبەستی دابینکردنی هاوکاری پزیشکی بۆشاری سلێمانی و هەڵەبجە.
- ڕێکخراوی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ تیمێکی گەڕۆکی تەندروستی لە شارەزوور، کانی بەردینە و وارماوەی سەر بە هەڵەبجە دانا بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بە مەبەستی دابینکردنی خزمەتگوزاری پزیشکی بۆ خێزانە بەرکەوتووەکان. تیمەکە خزمەتگوزاری سەرەتایی بۆ منداڵان و گەورەکان، پشکنین، چارەسەر و دەرمان بۆ نەخۆشیە درێژخایەنەکان وەکو شەکرە و تەنگە نەفەسی پێشکەش کرد. هەندێک حاڵەتی کەم کە پێویستیان بە چارەسەری زیاتر بوو گواسترانەوە بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی و هەڵەبجە کە بە هەمان شێوە زیانیان بەرکەوتبوو.
- تیمێکی هاوبەشی هەڵسەنگاندنی کەرتەکانی بە سەرۆکایەتی OCHA لە ئامادە باشی دابوون لە ١٣ی تشرینی دووەمەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ پێداویستی مرۆیی لە دەربەندیخان، سلێمانی و هەڵەبجە دا کرد. هەروەها چاویان کەوت بە قایمقامیەت و بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی ناوچەکە و سەردانی نەخۆشخانە سەرەکیەکان و ناوچە بەرکەوتووەکانیان کرد.
- لیژنەی یارمەتیدانی مرۆیی ئەوروپی (ECHO) لە هەولێر، وەڵامی داوەتەوەو ئێستا لە ئامادەکاری دایە بۆ ناردنی ئەمبوڵانس و دەرمان و تیمی پزیشکی.
- PWJ لە بەرنامەی دایە نەخۆشخانەی لەدایک بوون لە هەڵەبجە نۆژەن بکاتەوە، بەڵام تاکو ئێستا پشتڕاست نەکراوەتەوە.
- نەخۆشخانەی هەڵەبجە و شارەزوور و دەربەندیخان لەلایەن ڕێکخراوی تەندروستی جیهانییەوە هەڵسەنگاندنیان بۆ کرا و بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتی تەندروستی و هاوکاری پێویستیان بۆ دابین دەکرێت.
- ڕاستەوخۆ دوای بومەلەرزەکە، چوار خێمە بۆ نەخۆشخانەی دەربەندیخان، یەک دانە بۆ نەخۆشخانەی فریاکەوتنی هەڵەبجە و سێ سێتی "نەشتەرگەری شۆک" بۆ نەخۆشخانەی سلێمانی دابین کران.
- بەرنامەی خۆراکی جیهانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNFPA) نۆرینگەیەکی گەڕۆکی پزیشکی ئافرەتانی لە سەنتەری پزیشکی شەهید ئازادی مامەعەلە دامەزراند، کە تاکە سەنتەری پزیشکییە لە دەربەندیخان کار دەکات. تیمەکەی (UNFPA) دەرمان و سێتی پاراستنی منداڵبوون و پاکوخاوێنی ئافرەتانی بۆ (٥٠٠) کچ و ژن دابین کرد جگە لە پشتگیری دەروونیش بۆ ئەو ئافرەتانەی توشی حاڵەتی شۆک بوون.

- بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی داوای لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی کرد کە (٦) کابینە بۆ نەخۆشخانەی دەربەندیخان دابین بکات و داواشی لە وەزارەتی نێودەوڵەتی بۆ کۆچ کرد کە پشتگیریان بکات لە نۆژەنکردنەوەی نەخۆشخانەکە. هەردوو لایەن لەگەڵ نوسینگەی وڵاتەکانیان لە گفتوگۆدان بۆ ئەو مەبەستە.
- لەڕێگەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە تیمە گەڕۆکەکان سەردانی ئەو کۆمەڵە قوتابخانانەیان کرد کە وێران بوون بەهۆی بومەلەرزەکەوە، هاوکاری نزیکەی (١٠٠٠) منداڵیان کردووە و فریاگوزاری سەرەتایی دەروونی تایبەتیان بۆ (٥٥) منداڵ کرد لە دەربەندیخان.
- مانگی سووری عێراق بەهاوبەشی لەگەڵ مانگی سووری کوێت (١٠٠٠) سەلەی تەندروستییان دابین کرد.
- ڕێکخراوی (IMC) تیمێکی پزیشکی فریاگوزاری دامەزراند کە پێکهاتبوو لە یەک دکتۆر و دوو پەرستار و دەرمانسازێک بۆ ئەوەی شیکاری و چارەسەر بۆ ئەو کەسانە بکەن کە لە بوومەلەرزەکە بەرکەوتوون.

## 2.4 کەرتی پەروەردە:

- حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕی (١٦٠،٠٠٠،٠٠٠) دیناری تەرخان کرد بۆ نۆژەنکردنەوەی ئەو قوتابخانانەی کە لە سنووری پارێزگای ( سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان و دەربەندیخان) زیانیان بەرکەوتووە.
- ڕێکخراوی یونسێف هەستا بە هەڵسەنگاندنێکی تایبەت بە مەبەستی دیاریکردنی پێداویستی پەروەردەیی لە هەڵەبجە و دەربەندیخان و ناوچەکانیتر.
- کەرتی پەروەردەی نوسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی کاروباری مرۆیی (OCHA)، هەڵدەستن بە دابینکردنی شوێنی جێگرەوەی خوێندن (خێمە یان کەرەڤانە) بۆ ئەو قوتابخانانەی کە زیانی گەورە و زۆریان بەرکەوتووە.
- تیمێکی ئەندازیاران لە بەشی  پەروەردە و هاوبەشەکانی کەرتی پەروەردەی (UNOCHA) پێکهێندرا بۆ ئەوەی هاوکارییەکی گشتگیری (١١) قوتابخانە بکەن کە مەترسی ڕوخانیان لەسەرە لە هەڵەبجە و دەربەندیخان و شارەزوور و سەیدسادق.

## 2.5 کەرتی گشتی:

- سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی لەگەڵ وەفدێکی وەزیران سەردانی شارۆچکەی دەربەندیخان و بەنداو و ناوچە زیان بەرکەوتووەکانیان کرد بۆ بینینی بارودۆخەکە و لەگەڵ لایەنە پەیوەندیدارەکانی ناوچەکە کۆبوونەوە. حکومەتی هەرێم بڕی (٢،٤٦) ملیار دیناری عێراقی بۆ ناوچە بەرکەوتووەکان تەرخان کرد بەم شێوەیەی خوارەوە:
  - **(١٠٠) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ پارێزگای سلێمانی بۆ وڵامدانەوەی خێرا.**
  - **(١٠٠) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ پارێزگای هەڵەبجە بۆ وڵامدانەوەی خێرا.**
  - **(١٠٠) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ ئیدارەی گەرمیان بۆ وڵامدانەوەی خێرا.**
  - **(١٦٠) ملیۆن دیناری عێراقی بۆ چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی قوتابخانەکان لە سلێمانی، هەڵەبجە، گەرمیان و دەربەندیخان.**
  - **یەک ملیار دیناری عێراقی بۆ چاککردنەوە و نۆژەنکردنەوەی خزمەتگوزاری تەندروستی لە دەربەندیخان.**
  - **یەک ملیار دیناری عێراقی بۆ چاککردنەوەی زیانەکانی بەنداوی دەربەندیخان.**

- تونێلی دەربەندیخان کە بەهۆی دارمانی بەردی چیاکان گیرابوو پاک کراوەتەوە و لە شەوی پاش ڕووداوەکەوە ڕێگاکە کراوەتەوە.

- دوو ئەندامی تیمی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگی و هەڵسەنگاندن (UNDAC) ، کە شارەزایی باڵایان هەیە لە بواری بەڕێوەبردنی کارەساتە سروشتیەکان گەیشتنە کوردستان بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو زیانانەی بەر بەنداوەکە کەوتووە بە پاڵپشتی وهاوکاری وەڵامدانەوەی دەزگا حکومیەکان.
- لەسەر داوای نەتەوە یەکگرتووەکان UNOCHA میکانیزمی پاراستنی مەدەنی ئەوروپی شارەزا لە بواری بەنداو و پسپۆڕی بیناکاری بەکارخرا بۆ هەڵسەنگاندنی هەردوو بەنداوی پارێزگای سلێمانی (دەربەندیخان و دوکان). وە هەروەها دوو پسپۆر لەگەڵ تیمەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDAC) هەڵسەنگاندنیان تەواو کرد.
- خزمەتگوزاری بەڕێوەبردنی مانگی دەستکردی خێرا Copernicus بەکار خرا بۆ چوار ناوچەی مەبەست لە عێراقدا، وەکو ئەو ناوچانەی کە تیمی هەڵسەنگاندی نەتەوە یەکگرتووەکان UNDAC و پسپۆرانی UCPM بە مەبەستی هەڵسەنگاندن بوونیان دەبێت و چوار نەخشەی زیان وپلەکان بەرهەم هێنرا.
- ڕێکخراوی OXFAM هاوکاری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی گەرمیان دەکات بە مەبەستی دابینکردنی ئاو بە تانکەر بۆ گوندە زیان بەرکەوتووەکان.
- پاش هەڵسەنگاندنی زیانەکانی ڕێڕەوی ئاو و کارەبا، بەرنامەی پەرەپێدانی نەتەوە یەکگرتووەکان (UNDP) داوای (دەرخستە) دەکات بۆ تۆڕی ئاو و کارەبای دەربەندیخان و سەرچاوەکانی ئاو لە هەڵەبجە و دەربەندیخان.
- چەند هاوبەشێکی ئاو و ئاوەڕۆ و پاکوخاوێنی (WASH) هەڵسەنگاندنیان لە دەربەندیخان و کەلار و هەڵەبجە ئەنجام دا.
- هاوبەشێکی (WASH) سوتەمەنی تەنکەری گواستنەوەی ئاو بۆ چوار گوندی سەر بە ناحیەی مەیدان دابین دەکات.

## 2.6 هاوکاریی تر:

- فەرمانگەی گەشەسەندنی نێودەوڵەتی (DFID) لەڕێی (کۆمەڵەی نەقدی بۆ عێراق (CCI) ) پارەی کاشی بۆ (٢٠٠) خێزان دابین کرد کە خانووەکانیان بەهۆی بومەلەرزەکەوە زیانی بەرکەوتبوو و نەیاندەتوانی بگەڕێنەوە.
- ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووکان بۆ منداڵان (UNICEF) لەڕێگەی وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتییەوە جلوبەرگی زستانەی بۆ (٣٦٥) منداڵ لە گوندەکانی سەر بە ناحییەی بەمۆ دابین کرد.
- لە دەربەندیخان (٨٠) خێزان و لە بەمۆ (٩٨) خێزان دیاریکران کە شیاوی هاوکاری ماددی (پارەی کاش) بوون.
- وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق (٢٦٠٠) بەشە هاوکاریی بەسەر خێزانە بەرکەوتووەکانی بومەلەرزەکە دابەش کرد. هاوکارییەکە پێکهاتبوو لە سەلەی خواردن و تەندروستی، هیتەر و نەوت و تەباخی غازی، کابینە و هەروەها ڕایەخ و بەتانی و خێمە.
- حکومەتی قەتەری فرۆکەیەکی هاوکاری مرۆیی نارد کە پێکهاتبوو لە بەتانی، دەرمان، مادەی خۆراکی و خێمە.

## 3. زیانەکانی بومەلەرزەکە:

بوومەلەرزەکە زیانی گیانی و ماددی لێکەوتەوە، زیانە مادییەکانیش سەرجەم کەرتەکانی تایبەت و گشتی و پەروەردە و تەندروستی گرتەوە. زۆرترین زیانەکانیش لە دەربەندیخان تۆمار کراون.

### 3.1 زیانی گیانی

| شوێن | ژمارەی برینداربوو | ژمارەی مردوو | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|
| دەربەندیخان | ٧٠ | ٤ | ٧٤ |
| هەڵەبجە | ١٦٠ | ٢ | ١٦٢ |
| گەرمیان | ٩٥ | ٣ | ٩٨ |
| سلێمانی | ٥٦ | / | ٥٦ |
| هەولێر | ٥٨ | / | ٥٨ |
| پێنجوێن | ١٠ | / | ١٠ |
| چەمچەماڵ | ٢٠ | / | ٢٠ |
| خانەقین | ٤٤ | / | ٤٤ |
| **کۆی گشتی** | **٥١٣** | **٩** | **٥٢٢** |

### 3.2 خانوو و مەڕوماڵات

**خانوو:**

| شوێن | | ڕووخاو | زیانی زۆر | زیانی کەم | پارەی خەملێندراو به دیناری عێراق |
|---|---|---|---|---|---|
| دەربەندیخان | | ٤٦ | ٦١٧ | ١،٤٠٠ | ٧،٠٣٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| هەڵەبجە | ناو شار | / | / | ٢٥٣ | ٧٨٢،٣٤٠،٠٠٠ |
| | بەمۆ | ١ | / | ١٧١ | ٥٠١،٥٠٠،٠٠٠ |
| | خورماڵ | / | / | ١٦ | ٢٣،١١٠،٠٠٠ |
| | بیارە | / | / | ١٤٣ | ٧٦،٦٠٠،٠٠٠ |
| | سیروان | ١ | / | ٧٨ | ٣٠٢،٦٠٠،٠٠٠ |
| گەرمیان | کەلار | ٤٢ | / | / | ١٤٠،٦٤٤،٠٠٠ |
| | ڕزگاری | ١٩ | / | / | ١٠٤،١٠٥،٠٠٠ |
| | بێباز | ٥ | / | / | ٦،٠٠٠،٠٠٠ |
| | قورتوو | ٩١ | / | / | ٣٧٢،٣٩٠،٠٠٠ |
| | مەیدان | ٧٥٤ | / | / | ١،٥٧٣،٩٠٠،٠٠٠ |
| شارەزوور | | ٢١ | / | ٤٦ | ٢٣٥،٢٠٠،٠٠٠ |
| قەرەداخ | | ٣٢ | / | / | ١٧،٧٠٠،٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | | **١،٠١٢** | **٦١٧** | **٢،١٠٧** | **١١،١٦٦،٠٨٩،٠٠٠** |

## مەڕوماڵات:

| شوێن | | شوێنی ئاژەڵ\ دەواجن | ئاژەڵی مردوو | پارەی خەملێندراو به دیناری عێراقی |
|---|---|---|---|---|
| دەبەندیخان | | ١٦٩ | ٢٩٣ | / |
| هەڵەبجە | بەمۆ | ١٢ | / | ١٩،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بیارە | ٢ | / | ٢،٠٠٠،٠٠٠ |
| | سیروان | ٢ | ٤١ | ١٤،٢٥٠،٠٠٠ |
| گەرمیان | قورتوو | ٣٠ | ٦٣ | ٦١،٥٢٠،٠٠٠ |
| شارەزوور | | ٢ | / | ٢،٤٠٠،٠٠٠ |
| **کۆی گشتی** | | **٢١٧** | **٣٩٧** | **٩٩،١٧٠،٠٠٠** |

## 3.3 کەرتی تەندروستی:

| شوێن | زیانی لاوەکی | پارەی خەملێندراو بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| دەربەندیخان | - نەخۆشخانەی گشتی. | / |
| | - نەخۆشخانەی شەهید تۆفیق. | ٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | - باڵەخانەی نیشتەجێبوونی دکتۆرەکان | ٨٥٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | - سەنتەری شەهید حەمید | ٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| هەڵەبجە | - نەخۆشخانەی گشتی هەڵەنجە | ٢٥،٢١٤،٨٨٠،٠٠٠ |
| | - بەشی لەدایک بوون | ١٩،٣٥٠،٠٠٠ |
| | - چوار سەنتەری چاودێری پزیشکی لە سەنتەری شار. | ١٤١،٧٠٠،٠٠٠ |
| | - سەنتەری پزیشکی کۆکۆیی. | ٧،٩٢٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | - نەخۆشخانەی لەدایک بوون. | ٨،١٣٦،٠٠٠،٠٠٠ |
| | - نەخۆشخانەی فریاکەوتن. | ١،٤٤٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | - سەنتەری پزیشکی ددانی شەهید فەرەج. | ٣،٤٠٨،٠٠٠،٠٠٠ |
| | -سەنتەری ڕاوێژکاری | ٢،٦٨٢،٢٤٠،٠٠٠ |
| | - سەنتەری پزیشکی ئیمام | ٥٢٤،٦٤٠،٠٠٠ |
| | - سەنتەری شەهید حاجی ئەمجەد غالی. | ١،١٠٤،٠٠٠،٠٠٠ |
| گەرمیان | سیستەمی ئۆکسجین لە هەردوو نەخۆشخانەی فریاکەوتن و نەخۆشخانەی گشتی هەڵەبجە. | / |
| شارەزوور | نەخۆشخانەی شەهید سەردار موهەندیس. | / |

| | | |
|---|---|---|
| | بنکەی تەندروستی کانی بەردینە (٣٠٪). | / |
| | - نەخۆشخانەی گشتی شەهید رەئوف بەگ (٧٠٪). | / |
| سلێمانی | نەخۆشخانەی لەدایک بوون. | / |
| ڕاپەڕین | سەنتەری شۆردنی گورچیلە. | / |
| | - بەشی لەدایک بوون. | / |
| | - کۆگای گشتی دەرمان. | / |
| کۆی گشتی | | ٥٢،٤٤٠،٨١٠،٠٠٠ |

## 3.4 کەرتی پەروەردە:

| شوێن | زیانی زۆر | زیانی لاوەکی | پارەی خەملێندراو بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|---|
| دەربەندیخان | ٢ قوتابخانە | / | ٤،٢٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | / | ١٧ قوتابخانە | ٨٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | پەیمانگای تەکنیتی | | ١١٨،٢٧٠،٠٠٠ |
| هەڵەبجە | ٥ قوتابخانە | / | ٢٨٠،١٨٤،٤٠٠،٠٠٠ |
| | / | ١٩ قوتابخانە | ٣٩٢،٠٠٠،٠٠٠ |
| گەرمیان (کەلار) | ١٧ قوتابخانە | | ٣٤٦،٠٠٠،٠٠٠ |
| گەرمیان (مەیدان) | ٢ قوتابخانە | | ٤٣،٠٠٠،٠٠٠ |
| شارەزوور | | ١٢ قوتابخانە | ٥١٢،٣٢٨،٠٠٠ |
| | | زانکۆی پەروەردە | / |
| سلێمانی | ١٥ قوتابخانە لە خۆرهەڵات و خۆر ئاوا | | / |
| دوکان | | ٣ قوتابخانە | / |
| | ٢ قوتابخانە | | ٢،٢٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| سەید سادق | ١٨ قوتابخانە | | ١٨٥،٤٥٩،٥٠٠ |
| کۆی گشتی | | | **٢٨٨،٩٨١،٤٥٧،٥٠٠** |

## 3.5 تۆڕی ئاو:

| شوێن | ئاستی زیانەکان | پارەی خەملێندراو بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| دەربەندیخان | زیانی لاوەکی | ٥٧٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| هەڵەبجە | | ٢٦٤،٠٠٠،٠٠٠ |
| گەرمیان | | ٧٣،٠٠٠،٠٠٠ |
| کۆی گشتی | | **٩٠٧،٠٠٠،٠٠٠** |

## 3.6 تۆڕی کارەبا:

| کارەبا | | |
|---|---|---|
| **شوێن** | **ئاستی زیانەکان** | **پارەی خەملێندراو بە دیناری عێراق** |
| دەربەندیخان | زیانی لاوەکی | ٣٥٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| هەڵەبجە | | ١،٨١٤،٩٠٠،٠٠٠ |
| گەرمیان | | ١٢٣،٥٠٦،٠٠٠ |
| کۆی گشتی | | **٢،٢٨٨،٤٠٦،٠٠٠** |

## 3.7 کەرتی گشتی:

**شوێنە گشتییەکان**

| شوێن | | زیانەکان | پارەی خەملێندراو بە دیناری عێراق |
|---|---|---|---|
| دەربەندیخان | | - بەنداوی دەربەندیخان | / |
| | | - تونێلی دەربەندیخان | / |
| | | - شوێنە پیرۆزەکان | ٢٤٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | | - مۆتێل دەربەندیخان | ١٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | | - دەربەندیخان پالاس هۆتێل | ٩٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | | - سەنتەری وەرزشی | ١،٠٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| هەڵەبجە | ناو شار | - مۆنۆمێنتی هەڵەبجە | ٩٥٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | سیروان | - دوو مزگەوت | ٢٠،٥٠٠،٠٠٠ |
| | خورماڵ | - تاوەری مزگەوت | ٤٥،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەمۆ | - دوو مزگەوت | ٨،٠٠٠،٠٠٠ |
| | | - پردوو ڕێگاوبان | ٨،٠٠٠،٠٠٠ |
| گەرمیان | | - دادگا | / |
| | | - کتێبخانەی گشتی | / |
| | | - مزگەوت | / |
| | | - قەڵای شێروانە | ١١٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | | - پردوو ڕێگاوبان | ٩٥٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | | - هۆڵی بۆنەکان | ١،٢٠٠،٠٠٠ |
| شارەزوور | | - مزگەوت | ٩،٦٠٠،٠٠٠ |
| کۆی گشتی | | | **٤،٢٥٢،٣٠٠،٠٠٠** |

| دام و دەزگا حکومییەکان | | |
|---|---|---|
| **شوێن** | **زیانی لاوەکی** | **پارەی خەملێندراو بە دیناری عێراقی** |
| دەربەندیخان | -دوانزە دام و دەزگا | ١٥٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی و کۆگاکەی و هۆڵی لەشجوانی. | ٢٤٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | - بنکەی پۆلیسی دەربەندیخان | ٤٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | - بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە | ٥٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| هەڵەبجە | بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی. | ٢٦٤،٧٥٦،٢٤٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردە. | ٣،٣٣٣،٩٣٦،٢٠٠ |
| | سەرۆکایەتی زانکۆی هەڵەبجە. | ٧٦،٤٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری و گەشەی کۆمەڵایەتی. | ٤٤،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەریوەبەرایەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێ کردن. | ٦٤٠،٢٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی ئاو و ئاوەڕۆ. | ٣٨٢،٧٠٥،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی خانەنشینی. | ٨،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەرگری شارستانی خورماڵ. | ١٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری و هونەر. | ٢٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی ئەوقاف و کارو باری ئاینی. | ٣٣٤،٣٠٠،٠٠٠ |
| | پەیمانگای تەکنیکی. | ٦٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بەمۆ. | ٨٤٨،٨٣٥،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی خورماڵ. | ٤٥،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی بیارە. | ٢٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی گەشت و گوزار. | ١٦٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەڵەبجە. | ١٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەڵەبجە. | ٢،٥٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی پارکەکان. | ١٧٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی پرد و ڕێگاوبان. | ١١٥،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی کارەبای هەڵەبجە. | ٦٨٤،٩٠٠،٠٠٠ |
| | بەڕێوەبەرایەتی مۆنۆمێنت. | ٥٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | سەرۆکایەتی شارەوانی هەڵەبجە. | ٤٥،٠٠٠،٠٠٠ |
| | کتێبخانەی گشتی خورماڵ. | ٤٥،٠٠٠،٠٠٠ |
| | بنکەی پۆلیسی خورماڵ. | ٣٠٠،٠٠٠ |
| | بینای کۆمەڵگەی بەڕێوەبەرایەتیەکان. | ٤٠٠،٠٠٠،٠٠٠ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | داد نووسی هەڵەبجە. | ١٥٠،٠٠٠ |
| گەرمیان | | بەڕێوەبەرایەتی گشتی میری. | ٤٩٠،٧٠٠،٠٠٠ |
| | کەلار | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە. | ٣٨٩،٠٠٠،٠٠٠ |
| | | بەڕێوەبەرایەتی پۆلیس. | ٩،٠٠٠،٠٠٠ |
| | | بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی فریاکەوتن. | ١،٠٠٠،٠٠٠ |
| | مەیدان | بنکەی ئاسایشی شێخ تەویل. | ٥٠،٠٠٠،٠٠٠ |
| | | کۆمەڵگەی بەڕێوەبەرایەتیەکان. | ١٤،٥٠٠،٠٠٠ |
| شارەزوور | | بەڕێوەبەرایەتی چاودێری کۆمەڵایەتی. | / |
| | | بنکەی پۆلیس. | / |
| | | بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی. | / |
| | | بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە. | / |
| | | بەڕێوەبەرایەتی کارەبا. | / |
| سنوورەکان | | دە بنکەی پۆلیس. | / |
| کۆی گشتی | | | ٩،٧٤٥،٢٠٩،٤٤٠ |

## 4. بەنداوی دەربەندیخان:

هەڵسەنگاندنی خێرا بۆ بەنداوی دەربەندیخان خۆبەخشانە لە لایەن تیمی ئەندازیاری هایدرۆلۆجی پێکهاتەیی زەویزانی UNDAC ئەنجامدرا کە لە ڕێگای میکانیزمی پاراستنی مەدەنی یەکێتی ئەوروپا دامەزرابوو، تیمەکە دەری خست کە بەنداوەکە تەنها زیانی دەرەکی بەرکەوتووە و هیچ زیانێکی ناوەکی نەبینداروە. بەنداوەکە بە شێوەیەکی وا بنیات نراوە کە توانای بەرگەی هێز و پلەی بومەلەرزەی هاوشێوە بگرێت. هەڵسەنگاندنەکە دەریخست کە بەنداوەکە بە سەلامەت دادەنرێت بۆ هەڵگرتنی ئاو و لە ئێستادا، بەشێوەیەکی کورت مەودا، هیچ مەترسیەکی ڕاستەوخۆی دارمانی لە ناکاوی بەنداوەکە نییە. بەڵام، بومەلەرزەکە خاڵی لاوازی بەنداوەکەی دەرخستووە و ئەمەش مەترسی دەخاتە سەر سەلامەتی بەنداوەکە لە ماوەی درێخایەندا.

چەند پێشنیارێک بۆ پشکنینی تەکنیکی زیاتر بەمەبەستی دڵنیابوونەوە لە سەلامەتی دوورمەودای بەنداوەکە:

- **هەڵکۆڵینی سێ بۆ چوار چاڵی (پیزۆلیتەر) بۆ ئەگەری هەبوونی درز:**

وا باشە سێ بۆ چوار چاڵ لە نزمترین ئاست و کەناری ڕووی ڕێگاکە هەڵبکۆڵدرێت. ئەم چاڵانە دەتوانن هاوکاربن بۆ دیاریکردنی ئەگەری هەبوونی خولانەوەی ئاوی زۆر لە بناغەی بەردینی بەنداوەکە کە لە دەرچەی ڕێڕەوەکەوە دێت.

- **ئەنجامدانی نمونەکاری ئاو، بۆ دەستنیشانکردنی سەرچاوە و ڕێڕەوی ئاوەکە:**

پێشنیارکراوە کە هەڵسەنگاندن لە نێوان ئاوی عەمبار کراو و ئاوی کۆکراوە لە چاڵەکانی بناغەکە (پێکهاتەی کانزایی) بکرێت. ئەم هەڵسەنگاندنە سەرچاوەی ئاوەکە و ئەو شوێنانە دیاری دەکات کە ئاوی تیاچووە.

- **دیاریکردنی ڕۆچوونی لای ڕاستی بەنداوەکە لەڕێی بەهێزکردنییەوە:**

ڕێگا چارەیەکی باو هەیە بۆ جێگیرکردنی زەوییە ڕۆچووەکە بەشێوەیەکی دوور مەودا، ئەوەش لە ڕێگای دانانی کێشی زیاتر لە خوارەوەی لێژایەکە بە لەبەرچاوگرتنی نزیکی لێژایەکە لە وێستگەی ووزە و بنیاتی دەرچەکە و دەرچەی ئاوەڕۆ

و ڕێڕەوەکە، بە ڕەچاوگردنی دانانی بلۆکی کۆنکریتی ئامادەکراو بۆ ڕاگرتنی بەشی سەرەوەی ناوچەکە. وە هەروەها چاودێریکردنی بەردەوامی ئەو ناوچەیە پێویستە. لە مەودای کەمدا، ئەو درزانەی کە ڕێ بە ئاوی باران دەدەن بۆ چوونە ناوەوە دەبێت بە زوترین کات چارەسەر بکرێن.

- **ڕاگرتنی کەوتنەخوارەوەی بەرد:**

هەرچەندە هاوسنووری لای ڕاستی ناوچەکە پێوانەی جێگیرکردنی بەردی بۆ کراوە کە دەتواندرێت بە ئاسانی کەوتنەخوارەوەی بەرد لێی دیاری بکرێت، و پێوانەی جێگیرکردنی بەرد پێویستە بەردەوام بێت لەگەڵ دانانی بەربەست بۆ کەوتنە خوارەوەی بەردەکان. پێوانەکردنی کەم بەفیرۆدانی بەرد پەیوەستە بە دانانی بەربەستی بەردین کە دەبێت بە پێویستیەکی سەرەکی دابندرێت.

- **هەڵسەنگاندنی مەترسی و پلانی خۆ ئامادەکردن بۆ دانیشتوانی خوارووی بەنداوەکە:**

هەڵسەنگاندنێک پێویستە بکرێت بۆ دیاریکردنی مەترسی کارەساتبار لەسەر دانیشتوانی خوارووی سەروچاوەکە لە ئەگەری ڕووخانی بەنداوەکە. هاوکات پێویستە پلانی فریاکەوتنی خێرا بۆ سەرچاوەی بەنداوەکە دابنرێت. پێویستە میکانیزمی ئاگادار کردنەوەی پێشوەختە و پلانی خۆ ڕزگارکردن بۆ هاوڵاتیان دابنرێت بۆ دڵنیابوون لە سەلامەتی دانیشتوانی ناوچەکە بە دووری ١٠٠ کم. لەگەڵ بوونی بومەلەرزە یاخود هەڵکشانی ئاستی ئاوەکەی، دەشێت بەنداوەکە هەرەس بهێنێت.